www.kurdistannet.org
08/05/2003 23:11

# ژینامەی ئەحمەد دەشتی

- ناوی ئەحمەد کوری مەلا خدری دەشتی یەو باوکی نانەکەلیەو دایکی بن دیانە ، دەشتی ناز ناوی شیعرەکانی باوکیەتی کە ئەم ناوەی بۆ خۆ هەلبژاردووە .
- لەسالی ١٩٤٤لە ئاوابی دارەبەن نەزیك شاری هەولێری دیرین لەناوچەی دەشتی ڕەنگینی بەرانەتی لە دایك بووە .
- تا ئەو دەمەی کە پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول دەکاتن لە حوجرەو مەلایەتی دەرسی خوێندووە .
- لە پایزی١٩٦٣ دێتە ڕیزی شۆرشی ئەیلولی مەزن و شەرەفی پیێشمەرگایەتی وەر دەگرێت و لەبەشی ڕاگەیاندنی شۆرش لە چاپخانەی - خەبات و ئێزگەی دەنگی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوەلە ئەشکەوتە رەشەی گردە رەشە ،تا نەکسە شومەکەی سالی ١٩٧٥پیێشمەرگەی کوردستان بووەو لەئێزگەی دەنگی کوردستان لە گەل ماموستای هیژاو بلیمەت شـەهیدی نەمر عەبدوالخالیق مارفی هەمیشە زیندو لە ئێزگەی دەنگی کوردستان تا سالی ١٩٧٥و نەکسە شومەکەی شۆرشی ئەیلول کاری کردووە .
- لە سالی ١٩٧٠بە ماموستا لە ناوچەی بالەك دامەزراوەو لە ئێزگەی دەنگی کوردستان ماوەتەوەو بەرنامەی ئینگلیزی کە لە لایەن بەرێز جەرجیس فەتحوللا و فەرەنسی لە لایەن کاك دکتۆر مەحمودەوە ئامادە دەکراو بە دەنگی خۆیان پیێشکەش دەکرا وەخوێندرایەوە لەکاتی موفاوەزاتی ١٩٧٠دا لە ئێزگەی دەنگی کوردستانی بەو دو زمانە بلاوی دەکردەوە .
- لە سالی١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووەو لە ناوچەی مازەندەران لە شاری گونبەد کاوس تا سالی ١٩٧٩ماوەتەوە .
- لەسالی ١٩٧٥لە ئۆردوگای ڕەبەت و پاشان لە سالی١٩٧٦لە قوتابخانەکانی ڕاهنەمایی لە مازەندەران تا سالی ١٩٧٩ لە شاری گونبەد کاوس و مینو دەشتیش ماموستا بوو.
- لەسالی ١٩٧٩ گەراوەتەوە ناوچەی کوردستانی ڕۆژهەلات و لە شاری نەغەدەو خانێ و ورمێ لە قوتابخانەکانی ڕاهنەمایی خەریکی ماموستایی بووە لەو ریگەوە ژیانی خۆی و مال و مندالانی مسۆگەر کردووە .
- لە سالی ١٩٨٠دا لیپرسراوەتی دەنگی کوردستان و دامەزراندنەوەی ئەو ئێزگەیەی لە گوندی هەلەج پێ سپیێردراوەو بەشداری شۆرشی گولانی نوێی کردووەو ئەندامی بەشی راگەیاندنی شۆرش بووە .
- لە سالی ١٩٨٧ لە گەل هەشت سەرخیێزانەوە لەئێرانەوەلەڕیگەی سوریاوە ڕوی کردۆتە هەندەران و ماوەیەك لە شام ماوەتەوە .
- لە سالی بەرەو ئەوروپا هاتوەو لە سالی ١٩٨٨لە شاری بەرلین گیرساوەتەوەو ئیستاش هەر لەوێ دەژین.
- گەلی هۆنراوەو نوسین و چیرۆکی لە گۆڤاری جۆراو جۆر و ڕۆژنامەکان و ئەنتەر نێت بلاو کراوەتەوە .
- دوو دیوانی شیعری یەکی بە ناوی (پیێشمەرگەی ون)و ئەویتری بە ناوی (خوینی خاك) لە بەرلین چاپ کراوە .
- هەلەبجەی شەهید لە شیعریێکی چەند لاپەرەیی و لە گەل کۆمەلێ لە شیعری تری هەر لە بەرلین بە چاپ گەیشتووە .
- دیوانی نەمر (مەلا خدری دەشتی)کە هی باوکیەتی بە لیکۆلینەوەو شێ کردنەوە لەسالی ٢٠٠٣دا لەشاری هەولیربە چاپ گەیشتووە .
- پەندی ژیان ئەویش کۆمەلێ لە پەندەکانی کوردی و جیهانین کەکردویەتە شیۆەی هۆنراوەو ئامادەیبۆ چاپ لە هەولیر.
- قەلای ئاژەلان ونامۆی ئەلبیرکامۆ وگەلی لەچیرۆك وبابەتی بەپیێزی تری لە فارسیەوە وەری گیراوەتەسەر زمانی کوردی وچاپ نەکراون.
- دیوانیێکی تری بە ناوی (بزەی گریان) هیێشتان چاپ نەکردووە و ئامادەیە بۆ چاپ کردن.
- کۆمەلە چیرۆك و بیرەوەریەکانیشی هیێشتان بە چاپ نەگەیشتوون.
- گۆڤاری (خالخالۆکە )لە شاری بەرلین دەر دەکاتن کە گۆڤاریێکی وەرزی مندالانە تا ئیێستا ١١ ژمارەی لێ دەرچووە .
- ئیێستا لە گەل مال و مندالانی لە شاری بەرین دەژین.